گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# گۆڕانکاری موزیکیی لە سەردەمی تەکنەلۆجییا:

# سینتیسایزەر لە موزیکی کوردیدا

**گۆران تەها عەبدولقادر**
بەشی موزیك، کۆلێژی هونەرە جوانەکان، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.
Tahagoran123456@gmail.com

**د. نەهرۆ زاگرۆس**
سەرۆکایەتی زانکۆی سۆران، سۆران، هەرێمی کوردستان، عێراق
Nahro.zagros@oran.edu.iq

**زانیاریەکانی توێژینەوە**

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن: ٢٠٢١/٨/٢١
پەسەندکردن: ٢٠٢١/٩/٢٣
بڵاو کردنەوە: زستان ٢٠٢٢

**ووشە سەرەکییەکان**
Synthesizer, Kurdistan region, Kurdish song, technology, song and music.

Doi: 10.25212/lfu.qzj.7.1.8

## پوختە

توێژینەوەیەکی مەیدانی زانستییە، پشت بە مێتۆدی چۆنایەتیی دەبەستێت لەسەر ڕۆڵی ئامێری سینتیسایزەر لە موزیکی کوردی لە هەرێمی کوردستان، لە نێوان ساڵانی 1990-2021. هەر بۆ ئەم مەبەستە، چەند چاوپێکەوتنێك لەگەڵ شارەزایانی بواری موزیك ئەنجامدراوە و لە ڕوانگەی ئەوانەوە ئەم توێژینەوە شیکراوەتەوە. هەندێك لەو پرسیارە گرنگانەی کە ئەم توێژینەوەی لەسەر بەندە، وەکو باسکردنی سەرەتا و دەرکەوتنی ئامێری سینتیسایزەر و ڕۆڵی ئامێری سینتیسایزەرە لە نێو گۆرانی و موزیکی کوردیدا، گرنگییان پێدراوە. هەروەها تیشک خراوەتە سەر لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەکانی ئامێری سینتیسایزەر لە نێو گۆرانی و موزیکی کوردیدا. بە گشتی، ئەو کۆنتێکستە موزیکییانە شیکراونەتەوە کە ئامێری سینتیسایزەر ڕۆڵی تێدا بینیوە وەکو (ستۆدیۆ، تیپەکان، لایف موزیك، بەندبێژی و دانیشتنی ماڵان). دەرئەنجامی ئەم توێژینەوەیە سەرەتایەکی گرنگە بۆ تێگەیشتن لە دەرکەوتنی ئامێری ئەلیکترۆنی و ڕۆڵی تەکنەلۆجییا لەسەر موزیکی کوردی لە هەرێمی کوردستاندا.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## پێشەکی:

کۆلێژ و پەیمانگاکانی هونەرە جوانەکان لە کوردستان، ئەو شوێنە ئەکادیمیانەن کە لە پێناو توێژینەوە و یەکلایکردنەوەی بابەتە هونەرییەکان، ساڵانە کۆمەڵێك سیمینار و کۆڕ و پانێڵی توێژینەوەی زانستی ئەنجام دەدەن. لەم ڕوانگەوە ئەم توێژینەوە یەکێکە لەو بابەتانەی کە لە کۆلێژی هونەرە جوانەکانی زانکۆی سەڵاحەددین لە پێناو گرنگیدان، توێژینەوە لە یەکێك لە ئامێرە موزیکییە ئەلیکترۆنییە باوەکانی ئەم سەردەمەیە، بەتایبەتی لە هەرێمی کوردستان، کە ئەویش دەربارەی ئامێری سینتیسایزەرە.[1] چونکە ئەم ئامێرە مەودایەکی فراوانی لە نێو گۆڕەپانی هونەری کوردیدا بەگشتی داگیر کردووە، وەکو کاری ستۆدیۆ، تیپە موزیکییەکان...هتد. هیچ توێژینەوەیەك لەسەر ڕۆڵی ئەو ئامێرە نەکراوە و یەکێکە لەو ئامێرە موزیکییانە کە ئێمە بەردەوام لە کارە هونەرییەکان و تەلەفزیۆندا دەیبینین. ڕەنگە تەمەنێك بێت لە نێو گۆرانی و موزیکی کوردیدا بەکارهاتبێت. بەڵام ئەوەی ڕاستی بێت هیچ دەربارەی ڕۆڵی ئەم ئامێرە نەنووسراوەتەوە، بۆ ئەوەی زانیاری بەسوودمان دەست بکەوێت و بگەین بەئەنجام و وەڵامی ئەو چەند پرسیارە، کە ئایا ئەم ئامێرە ڕۆڵی چی بووە لە نێو گۆرانی و موزیکی کوردی، مێژووی بەکارهێنانی بۆ کەی دەگەڕێتەوە لە نێو گۆرانی و موزیکی کوردی؟ ئایا تا چەند کاریگەر بووە لەسەر گۆرانی و موزیکی کوردی؟ ئایندەی ئامێرەکە بەرەو کوێوە هەنگاو دەنێت؟ بۆیە لەم توێژینەوەیەدا پشتم بەستووە بە مێتۆدی گەڕانی مەیدانی، چاوپێکەوتنم ئەنجامداوە لەگەڵ چەند کەسایەتییەکی شارەزا لە بواری موزیکی کوردیدا کە تەمەنێکە لە نێو بزاڤی ڕۆشەنبیری موزیکدان.

## 1 سەرەتا و دەرکەوتن و بەکارهێنانی ئامێری سینتیسایزەر لە هەرێمی کوردستان

سەرەتای دەرکەوتنی ئەم ئامێرە لە جیهاندا بۆ ناوەڕاستی سەدەی بیستەم دەگەڕێتەوە، هەر وەکو چۆن نووسەر کرۆمبی ئاماژەی پێ دەکات و دەڵێت: "ئامێری سینتیسایزەر کە بۆ یەکەم جار لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمدا لە ئەمریکا دەرکەوتنی بەخۆوە بینیوە، وەك لە (mark II sound blender) ی ڕادیۆی ئەمریکا کە بە کارتی پەنچ (punch cards) کۆنترۆڵ دەکرا و لە سەدان بۆری بەتاڵ پێکدەهات"

[1] سینتیسایزەر، ئامێرێکی موزیکی ئەلیکترۆنییە، کە توانای بەرهەمهێنانی دەنگی هەیە بەپێی خواستی ئەو کەسەی کە دەیژەنێت، لە پێناو ئەوەی لە بەرهەمهێنانی موزیکدا بەکار بهێندرێت.

(Crombie, 1984: 68). واتە ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە ئەم ئامێرە لە سەرەتای دەرکەوتنی قەبارەیەکی گەورەی هەبووە و لە سەدان بۆری پێکهاتبوو، هەر وەك چۆن کرۆمبی پێشتر ئاماژەی پێکردووە. ئەم ئامێرە موزیکییە لەلایەن ڕۆبێرت مۆگەوە پەرەی پێدراوە و بۆ یەکەمجار لە ساڵی 1964 فرۆشراو و متمانەی پێدرا بە دروستکردنی سینتیسایزەری ئەنەلۆگ، وەك ئامێری لەرەلەرەکانی ژێر کۆنترۆڵی ڤۆڵتاج و مۆلیدەی ژاوەژاو و فلتەر و ڕێکخستنی موزیك. (Crombie,1984: 67). لە کۆی قسەکانی کرۆمبیدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە ئەم ئامێرە بۆ یەکەم جار لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمدا لە وڵاتی ئەمریکا دەرکەوتنی بەخۆوە بینیوە. سینتیسایزەریش بۆ یەکەم جار لە لایەن ڕۆبیرت مۆگەوە پەرەی پێدراوە.

ئەگەر بمانەوێت باسی مێژووی سەرهەڵدانی ئامێری سینتیسایزەر بکەین لە هەرێمی کوردستان، ئەوە بە پێی زانیاری و گەڕانمان، هیچ نووسراوێك و بەڵگەنامەیەك یان سەرچاوەیەکی زانستی نییە دەربارەی سەرهەڵدانی ئەم ئامێرە موزیکییە لە هەرێمی کوردستان بۆ سەلماندنی مێژووەکەی. ئەو سەرچاوانەی کە لەبەردەستدان، پێکهاتوون لە سەرچاوەی زارەکی و بە شێوازی گێڕانەوە، کە لە کاتی چاوپێکەوتندا لەلایەن شارەزایان و موزیکژەنانەوە لە ئاکامی پرسیاردا باسکراوە و وەڵامدراونەتەوە، بۆیە ناتواندرێت وەکو بەڵگەیەك یاخوود سەرچاوەیەکی زانستی هەژماری بکەین. سەرەتای دەرکەوتنی ئامێری سینتیاسیزەر لە هەرێمی کوردستان، بەڕای هەندێك لە شارەزایانی مێژووی موزیك، بە پێی ئەو چاوپێکەوتنانەی کە ئەنجامدراوە، بۆمان دەرکەوتووە کە مێژووی بەکارهێنانی ئەم ئامێرە لە هەرێمی کوردستان مێژوویەکی دووری نییە. مامۆستا ئەنوەر قەرەداغی،[2] لە چاوپێکەوتنێکی تایبەت بەم توێژینەوەیە دەڵێت: "بەکارهێنانی سینتیسایزەر لە نێو گۆرانی و موزیکی کوردیدا بۆ یەکەم جار دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1971، لە لایەن تیپی زانکۆی سلێمانییەوە بەکارهاتووە" (قەرەداغی، 2021)، واتە لە لایەن ئەو تیپەوە کە مامۆستا ئەنوەر قەرداغی ئەندامی بووە و سەرپەرشتی دەکرد بۆ یەکەم جار ئەم ئامێرە موزیکییە بەکارهێناوە، هەروەها مامۆستا ئەنوەر قەرەداغی دووپاتی دەکاتەوە و دەڵێت، ئەوەندەی ئاگاداربم یەکەم کەس ئەم ئامێرەی بەکارهێناوە لە ناو تیپەکاندا وەکو ژەنیار، کەسێکی بە ڕەچەلەك ئەرمەنی بووە بە ناوی (هاروود بالاکیان). دواتر لە بەرهەمەکانی یەکەمی تیپی موزیکی سلێمانیش بەکارهاتووە، کە بریتی بووە لە کاسێتێك چەند گۆرانییەکی لەخۆ گرتبوو

[2] ئەنوەر قەرەداغی، یەکێکە لە ناودارترین موزیکژەن و مامۆستای موزیك لە هەرێمی کوردستان.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

وەکو (لەژێرئاسمانی شینە و لە دەرزی پەچە) و چەند بەرهەمێکی دیکە (قەرەداغی، 2021). ئەگەر پشت بەم قسەیەی مامۆستا ئەنوەر قەرەداغی ببستین و ساڵی 1971 دابنەێن بە سەرەتای دەرکەوتنی ئەم ئامێرەدا لە باشووری کوردستان (هەرچەندە ئەمە بۆچوونی خۆیەتی لە هیچ بەڵگەیەکی نووسراودا باس لە مێژووی ئەم ئامێرە نەکراوە).




وێنە (1): م. ئەنوەر قەرەداغی.

وەکو دەردەکەوێت بەپێی ئەوەی ئامێرەکە نوێ بووە لە کوردستان، سەرەتا لە ڕێگەی تیپی زانکۆی سلێمانییەوە بەکاردەهێنرێت. لە لایەکی دیکەوە مامۆستا وریا ئەحمەد لە چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ ئێمەدا، باسی سەرەتای سەرهەڵدانی ئەم ئامێرە دەکات لە هەرێمی کوردستان و دەڵێت: "لە سەرەتای ساڵانی حەفتاکان و دەرکەوتنی ئەم ئامێرە موزیکییە لە نێو گۆرانی و موزیکی کوردی ئامێرێکی تازە بوو" (ئەحمەد، 2021).[3] مامۆستا وریا ئەحمەد دووپاتی دەکاتەوە و دەڵێت: "ئەم ئامێرە لە سەرەتای دەرکەوتنیدا، لە نێو گۆرانی موزیکی کوردی، قەبارەیەکی گەورە و کێشێکی قورسی هەبووە. پێشی وابووە کە ئەم ئامێرە لە ڕووی تواناوە، توانایەکی کەم و دیاریکراوی هەبوو، وەك لایەنی دەنگی و لایەنی ڕیتمی و لایەنی تەکنەلۆجیی و چەند لایەنێکی دیکە" (ئەحمەد، 2021). دەربارەی دەرکەوتنی ئەم ئامێرەش، دووپاتی قسەکەی ئەنوەر قەرداغی دەکاتەوە و دەڵێت، سەرەتا لە تیپی زانکۆی سلێمانی بەکارهاتووە.


[3] وریا ئەحمەد، یەکێکە لە ناودارترین موزیکژەن و مامۆستای موزیك لە هەرێمی کوردستان.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)



وێنە (2): م. وریا ئەحمەد.

پاشان ساڵ بە ساڵ ئەم ئامێرە لە گەشەسەندندا بووە، بۆتە ئامێرێکی گرنگ لە ناو تیپە موزیکییەکاندا و ڕۆڵێکی باش و گرنگی دەگێڕا لە ناو تیپەکاندا. هەروەها مامۆستا سەڵاح ڕەئووف[4] لە چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ ئێمەدا، دەربارەی مێژووی سەرهەڵدانی ئەم ئامێرە دەڵێت: "ئەوەی لە یادی مندا بێت و بەچاوی خۆم بینیبێتم، ئەو ساتانەی فێرخوازی ئامێری ڤایۆلین بووم لای مامۆستا ولیەم یوحەننا، هەفتانە سەردانیم دەکرد، ئامێری سینتیسایزەرم لەماڵی ئەوان بینی لە ساڵی ١٩٦٨-١٩٦٩، بەڵام پاش ئەوەی کە چوومە تیپی موزیکی سلێمانی و چالاکی قوتابخانەکان لەوێ دووبارە هەمان ئامێرم بینی" (ڕەئووف، 2021). بۆیە مامۆستا سەڵاح ڕەئووف دەڵێت: "من ناتوانم لەوە زیاتر لەسەری بدوێم، چونکە ئەوە سەرەتاکانی من بوو بۆ بینی ئەو ئامێرە، لەبەر ئەوە من بە تەواوی ناتوانم باسی هەموو هەرێمی کوردستان بکەم، بۆیە ئەشێ لەهەمان کات و ساتدا یان پێشتر و یان دواتر لەشارەکانی دیکەی کوردستان بینرابێت" (ڕەئووف، 2021).



وێنە (3): م. سەڵاح ڕەئووف.

[4] سەلاح ڕەئووف، یەکێکە لە  لە دیارترن موزیکژەن و ئاوازدانەر و نووسەرە موزیکییەکانی هەرێمی کوردستان.

هەروەها سینتیسایزەرژەن هێمن حوسێن[5] لە بارەی سەرهەڵدان و بەکارهێنانی ئەم ئامێرە لە ناو گۆرانی و موزیکی کوردی دەڵێت، "بە هۆی ئەوەی کە تەمەنێکی زۆر گەورەم نییە، بەڵام مێژووی بەکارهێنانی ئەم ئامێرە پێم وابێت بەپێ ڤیدیۆکان بێت لە ساڵانی حەفتاکاندا ئەم ئامێرە لە لایەن تیپی سلێمانی و هەولێر و کەرکووك و دهۆکەوە بەکارهاتووە" (حوسێن، 2021).



وێنە (4): هێمن حوسین.

واتە بەپێی بیرو بۆچوونی شارەزایانی موزیك، دەردەکەوێت سەرهەڵدانی ئەم ئامێرە لە سەرەتای ساڵانی 1970 بووە، بەپێی ئەوەی ئامێرێکی نوێ بووە بۆ کورد، سەرەتا زۆر کەڵکی لێ وەرنەگیراوە لەبەر چەند هۆکارێك، یەکێك لەو هۆکارانەش ئەوە بوو کە شێوازی موزیکی کوردی کە ئەوکات شێوازێکی تایبەت بوو تەنها کەڵکیان لەو ئامێرانە وەرگرتووە کە پێشتر لە نێو موزیکی کوردیدا هەبووە، بەتایبەت باڵەبان، زوورنا، ڤیۆلین...هتد، بەڵام لە لایەکی دیکەوە، ئەگەر بەوردی سەرنج بدەینە مێژووی سەرهەڵدانی خودی ئامێرەکە کە لە ساڵی 1964 دوای چەند پەرەسەندێك کەوتە بازاڕەوە و فرۆشرا (Crombie,1984: 67). دەتوانین بڵێین لە دوای حەوت ساڵ لە دەرکەوتنی واتا ساڵی 1971 لە گۆرانی و موزیکی کوردیدا دەرکەوتووە، وردە وردە خۆی هاویشتە نێو گۆرانی کوردییەوە بەم سەردەمەی ئێستاشەوە (قەرەداغی، 2021). ئەم ئامێرە لە سەرەتادا نەتوانراوە سودێکی باشی لێ وەربگیرێت، بەزۆری وەکو لایەنی باگراوندی گۆرانی بەکارهێندراوە و هەندێك کاتیش وەکو سۆلۆ، هەر وەکو چۆن مامۆستا ئامانج غازی لە دیدارێکدا دەڵێت، لە سەرەتادا نەتوانراوە سودێکی باش لەم ئامێرە وەربگیرێت، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ژەنیاری تایبەتمان نەبووە بۆ ئەم ئامێرە بە

[5] هێمن حوسێن، یەکێکە لە ژەنیارانی ئامێری سینتیسایزەر کە لە ساڵانی هەشتاکانەوە دەستی بەژەنینی کردووە و تاوەکو ئێستاش بەردەوامە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

شێوازێکی ئەکادیمی و زانستی بەکاربهێندرێت، ئەو ژەنیارانەش زۆبەیان ژەنیاری ئامێری ئۆکۆردیۆن بوونە هاتنە سەر ئەم ئامێرە (غازی، 2021).


## 2 کاریگەری سینتیسایزەر لە نێو گۆرانی و موزیکی کوردیدا

هەر ئامێرێکی موزیکی بێگومان لایەنی باش و خراپی هەیە، ئەمەش دەکەوێتە سەر ئەوەی بە کام لایەن بەکاردەهێندرێت (حوسێن، 2021). ئەگەر بێت و باسی کاریگەری ئەم ئامێرە موزیکییە بکەین لە نێو گۆرانی و موزیکی کوردیدا، ئەوە بەپێی ئەو گەڕان و چاوپێکەتننانەی کە ئەنجام دروان وەڵامی پرسیارەکان دراونەتەوە و بۆمان ڕوون بووەتەوە بەگشتی، کاریگەری سینتیسایزەر پۆزەتیڤە و ڕۆڵێکی باشی بینیوە لە نێو گۆرانی و موزیکی کوردی. [جگە لەم سێ کەسەی ناومان هێناوە چەندین کەسایەتی ناودار هەمان قسەکانی ئەو چواربەڕێزەی سەرەوەیان دووپات کردووەتەوە]. قسەکانی ئەم چوار بەڕێزەی سەرەوە لەکۆی چاوپێکەوتنەکاندا دەرهێناوە. لێرەدا مامۆستا سەلاح ڕەئووف دەڵێت، ئەم ئامێرە وەکو هەموو ئامێرە موزیکییەکانی دیکە ڕۆڵی باش ئەبینن لە بڵاوکردنەوەی سۆزی ئاواز بە گۆرانی و موزیك، بەڵام لێرەدا ژەنیارەکە ڕۆڵی سەرەکی ئەبینێ لە باشی و خراپی بەکارهێنانی لە ڕووی ژەنینیدا، هەروەها شوێنی بەکارهێنانی ئامێرە موزیکییەکان، هەمان ڕۆڵ ئەبینن لە بەر ئەوە ناتوانین بڵێین ئامێری سینتیسایزەر ڕۆڵی خراپی هەیە، چونکە ئەو ئامێرێکی موزیکییە و توانا و وزەی ژەنیارەکە و شوێنی بەکارهێنانی ئامێرەکان ڕۆڵ ئەبینن، لە درووستبوونی لایەنی باش و خراپی بۆ گۆرانی و موزیکی کوردی، واتە لێرەدا هەموو ئامێرێکی موزیکی گەر بەدەستی کەسانی شارەزا و لێزانەوە بێت ئەوا کاری باشی پێ ئەکرێ و ڕووی جوانی هونەرەکەمان پیشان ئەدا، پێچەوانەکەشی زەرەرمەندە بۆ موزیکی کوردی (ڕەئووف، 2021). هەروەها سینتیسایزەرژەن، ئاری عەبدوڵڵا، پێی وایە یەك لە کاریگەرە گرنگەکانی سینتیسایزەر یاخوود لایەنە باشەکانی ئەوەیە، کە گوێگر و بیستەری گۆرانی و موزیکی کوردی ئاشانا کردووە بە زۆربەی دەنگی ئامێرەکان، جا چ ژێدار بێت یاخوود فوودار (عەبدوڵڵا، 2021).[6] ئامێری سینتیسایزەر ئاسانکارییەکی زۆری کردووە بۆ ئەنجامدانی هەر کارێکی هونەری بە تێچوویەکی ماددی کەم هەروەها کەمترین ڕێژەی بەکارهێنانی ئامێرەکان. ڕەنگە هەندێك لە

[6] ئاری عەبدولا، یەکێکە لە ژەنیارانی ئامێری سینتیسایزەر کە لە ساڵانی حەفتاکانەوە دەستی بەژەنین کردووە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ستۆدیۆکان جێگای ژەنیاری زۆری نەبووبێت لە سەرەتادا، بگرە لە ئێستاشدا یاخود ڕێك نەکەوێت هەموویان لە هەمان کاتدا کۆ ببنەوە، بەڵام لە ڕێگەی ئەم ئامێرە تواندراوە ئەو ڕۆڵە ببینێت. لە ڕووی ئیفێکتاتەوە سوودی زۆری لێ وەرگیراوە و ڕۆڵی باشی بینیوە. بناغەی گۆرانی و موزیك پڕتر دەکات، بەتایبەتی لەگەڵ تیپەکاندا ڕۆڵێکی سەرەکی بینیوە، ڤیویەکی جیاواز هەبووە لەسەر ستەیج لە کاتی نمایش کردنی هەر بەرهەمێکی هونەری (عەبدوڵڵا، 2021).



**وێنە (5): ئاری عەبدوڵڵا.**

مامۆستا وریا ئەحمەد لە هەمان دیداردا دەڵێت: "پێشتر ئەم ئامێرە لە ناو گۆرانی و موزیکی کوردی ڕۆڵێکی جوانی هەبووە، بەتایبەتی گەر ژەنیارەکە بەتوانا و لێهاتوو بووبێت، هەر چەندە ئامێرەکە توانایەکی کەم و دیاریکراوی هەبووە، بەڵام جوانتر بەکارهاتووە وەك لە ئێستادا" (ئەحمەد، 2021). بەتایبەتی لە چەند تیپێکی موزیکی وەکو تیپی موزیکی سلێمانی، تیپی موزیکی باواجی، تیپی موزیکی هەولێر، تیپی موزیکی کەرکووك، تیپی موزیکی دهۆك و چەند تیپێکی دیکە، بەڵام دوای ئەوەی کە زانست پەرەی سەند لە ڕووی تەکنەلۆجییاوە دەتوانم بڵێم، ژەنیارانی ئەم ئامێرە بێ تواناییان پێوە دەرکەوت بە هۆی پێشکەوتنی ئەم ئامێرەوە، لە ڕووی تەکنەلۆجییەوە، بەڵام ئەوەش نابێت بشارینەوە ئێستاش ڕۆڵێکی زۆر باشی بینیوە گەر ژەنیارێکی بە توانا بێت و بەباشی بەکاریبهێنێت، بە تایبەتی لە نێو ئیستۆدیۆیەکاندا.

لە ڕووی بەکارهێنانەوەش ئەم ئامێرە هەر وەکو چۆن ئامێری پیانۆ توانای ڕۆڵی ئۆرکێستراییەکی تەواوی هەیە دەتوانم بڵێم ئەم ئامێرەش لە ناو گۆرانی و موزیکی کوردی گەر ژەنیارێکی بەتوانا و ژیر بێت، ئەوە بێگومان دەتوانێ ڕۆڵی تیپێکی تەواو ببینێت بەتەنها خۆی (ئەحمەد، 2021). واتە ئەم ئامێرە لەسەرەتای بەکارهێنانییەوە کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی لەسەر گۆرانی و موزیکی کوردی

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەبووە، بەتایبەتی لە هەرێمی کوردستان. وایکرد زۆرینەی گۆرانیبێژەکان بۆ کارە هونەرییەکانیان پەنای بۆ ببەن. هەر لەو ساڵانە چەندین بەرهەم بەم ئامێرە تۆمارکراون کە توانی جێی خۆی بکاتەوە. ژەنیار هێمن حوسێن پێی وایە زۆر گۆرانیبێژ هەیە لایەنی داراییان دیاریکراوە، توانای ئەوەیان نییە چەند ژەنیارێك بهێنن بەزیندووی ئامێرەکان بژەنێت، لەو کاتەدا ئامێری سینتیسایزەر بۆتە کارئاسانییەك بۆیان. گۆرانیبێژ دەتوانێت ئەو کارە تاڕادەیەکی باش بە تەنها خۆی ئەنجامی بدات. ئەگەر ژەنیارەکە ژیر و لێزان و بەتوانا بێت، ئەوە دەتوانین بڵێن سینتیسایزەر بووەتە پایەیەکی باش بۆ گۆرانی و موزیکی کوردی ئەمڕۆ. هێمن حوسێن دووپاتی دەکاتەوە و دەڵێت: "ئەگەر ئامێری دیکەش سۆڵۆی موزیکەکە بژەنێت، بەڵام سینتیسایزەر بناغەی موزیکەکە پتەوتر و تام و چێژێکی زیاتر بە موزیکەکە دەدات، بەڵام بەمەرجێك بە جوانی بەکاربهێندرێت" (حوسێن، 2021). لەبەر ئەوەی سینتیسایزەر پێشکەوتنێکی زۆری بەخۆوە بینیوە لە ڕووی تەنکنەلۆجییەوە، وای لێهاتووە گوێت لە هەر بەرهەمێکی موزیکی دەبێت دەکەویتە گومانەوە کە ئەمە دەنگی ئامێری ڕاستەقینەیە یان دەنگی سینتیسایزەرە. بەم شێوەیە گومان پەیدا بوو لە گوێچکەی بیستەر و گوێگر. دەکرێت بڵێین ئەمە یەکێکە لە ڕۆڵە باشەکانی ئەم ئامێرە لە ڕووی بەکارهێنانی دەنگەوەیە. لە لایەکی دیکەوە، هۆگر سەعید پێی وایە، هۆکاری زۆری ڕۆڵی سینتیسایزەر لە ئاهەنگەکاندا بەتایبەتی هاوسەرگیری، بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە ئەم ئامێرە لە پێش هەر ڕوویەکەوە ئامێرێکی ئەلیکترۆنییە و بۆ چەند کاتژمێرك ڕیتمی کار بکات ئاساییە و ماندوو نابێت (سەعید، 2021)، سینتیسایزەر توانای ئەوەی هەیە ڕۆڵی زۆربەی ئامێرەکان ببینێت، بۆ نموونە ئەگەر ژەنیارێکی دڕامس، چەند کاتژمێرێك ڕیتم بگرێت ئەوە بێگومان ژەنیارەکە ماندوو دەبێت، بەرگەی ئەو کاتە درێژە ناگرێت کە ئەوەندە بەردەوام بێت بە هەمان تێمپۆ، هەر بۆیە ئەم کارە لە ڕێگەی سینتیسایزەرەوە ئەنجام دەدرێت و ئاسانترە (سەعید، 2021).[7]

---

[12] هۆگر سەعید، یەکێکە لە ژەنیارانی ئامێری سینتیسایزەر.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)



وێنە (6): هۆگر سەعید.

مامۆستا ئەحمەد نورەدین دەڵێت: "ئەم ئامێرە ڕۆڵێکی بەرچاوی بینیوە و گۆڕانکارییەکی زۆری کردووە لە بەرەوپێشچوونی گۆرانی و موزیکی کوردی" (نورەدین، 2021).[8] هەروەها پی وایە، ئامێری سینتیسایزەر ڕۆڵی تیپە موزیکییەکانی کەمتر کردووەتەوە لە قۆناغێك لە قۆناغەکانی پەرەسەندنی ئەم ئامێرە ئەلیکترۆنییە. ئێستا دەبینین چەندەها ئەلبوومی گۆرانیبێژان تەنها بەو ئامێرە موزیکییە ئەنجام دراوە. هەرچەندە ئێستا هونەرمەندان گرنگی بە ئامێری ڕاستەقینە دەدەن، بەڵام ئەم ئامێرەش بەردەوام ڕۆڵێکی باشی هەبووە و ئاسانکاری زیاتر کردووە بۆ گۆرانیبێژان بەهۆی پێشکەوتنی ئامێرەکەوە (نورەدین، 2021).



وێنە (7): م. ئەحمەد نورەدین.

گرنگی ئەم ئامێرە لەوەدایە لە هەمان کاتدا توانای هەیە میلۆدی و هارمۆنی و ڕیتم بەکاربهێنێت، ئەویش کەوتووەتە سەر لێهاتووی ژەنیاری ئامێرەکە. لە ڕابردوو ڕۆڵی ئەم ئامێرە کەمتر بووە وەك لە ئێستادا. بەڵام ئێستا تا دێت ڕۆڵی زیاتر دەبێت. یەك لە کاریگەرە گرنگەکانی سینتیسایزەر و لایەنە

[8] ئەحمەد نورالدین، یەکێکە لە ژەنیارانی ئامێری پیانۆ.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

باشەکانی ئەوەیە، کە گوێگری کوردی ئاشنا کردووە بە دەنگی زۆربەی ئامێرە موزیکییەکان کە ژەنیاری نەبووە لای ئێمە. کاوە شێخ[9] لە میانەی قسەکانیدا دەڵێت: "ئەم ئامێرە ڕۆڵێکی باشی بینیوە بەتایبەتی لە ناساندنی دەنگێکی مۆدێرن بە گۆرانی و موزیکی کوردی، چونکە لە توانایدا هەیە دەنگێك دروست بکات لە ناو سروشتدا نەبێت و لە ناو ئامێری ڕاستەقینە بوونی نەبێت خۆی سینتیسایزەر گرنگییەکەی لەوەدایە" (شێخ، 2021).



وێنە (8): کاوە شێخ.

واتە دەنگێك درووست بکەیت کە پێشتر نەبووە، لێرەدا دەبینین زۆر بەرهەم هەبوون کە دەنگی هیچ ئامێرێکیان نەبووە تەنها حەزی ژەنیار وایکردووە کە دەنگێکی بۆ دروست بکات و لە موزیکەکەی بەکاریبهێنێت، کاوە شێخ لە میانەی قسەکانیدا دووپاتی دەکاتەوە و دەڵێت: "سینتیسایزەر وەك هاوکێشەیەك وایە کە لە کۆتاییدا دەتوانی چ ئەنجامێکی پێ دەربکەی، ئیتر ئەو ئەنجامە پێشتر هەبووبێت یاخوود نا" (شێخ، 2021). سینتیسایزەر گۆرانی و موزیکی کوردی مۆدێرن کردووە و گوێگری بە دەنگی جیاواز ئاشنا کردووە. کاوە شێخ پێی وایە سینتیسایزەر لە هەموو شێوازەکانی موزیکی کوردی کەڵکی لێ وەرگیراوە، ڕۆڵی هەبووە و بەکارهێندراوە، بەڵام لە ئاهەنگدا زۆر بشتی پێ بەستراوە ئەمەش هۆکارەکەی ئەوەیە کە ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان لە ئامێرە ڕاستەقینییەکان یان فولکلۆرییەکان بەکارهێنانی ئاسانتر و باشترە، لەبەر ئەوەی ئامێرێکی کردارییە بۆ ئاهەنگ کە ڕیتمی بەردەوامی پێویستە. بۆ زۆر لایەنی دیکەش، دەتوانێت موزیکی نەتەوەیەك تێك بدات ئەگەر بە شیاوی بەکارنەهێندرێت. ئەگەر بە جوانی بەکاری بهێندرێت ئەوە سوودێکی باشی هەیە و گۆرانی و موزیکی کوردی دەوڵەمەندتر دەکات، ئەویش دەکەوێتە سەر ژەنیارەکە واتە، ئەگەر وەکو جێگرەوەی ئامێرە

[9] کاوە شێخ، یەکێکە لە ژەنیارانی ئامێری سینتیسایزەر کە لە ساڵانی هەشتاکانەوە دەستی بەژەنینی کردووە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

فۆلکلۆرییەکان بەکار بهێندرێت کارێکی باش نییە، ئەگەر بۆ هارمۆنیکی موزیکەکە بێت و موزیکەکەی پێ دەوڵەمەند بکەیت ئەوە کارێکی باشە (شێخ، 2021).

لایەنە باشەکانی ئەم ئامێرە ئەوەیە بەهۆی ئەوەی دەنگەکەی کۆککراوە (نصب) ژەنیاری ئەم ئامێرە بەردەوام گوێی ڕادێت لە سەر تۆنی خاوێن. گوێچەکەکانی بە جوانی پەروەردە دەبێت. زوو هەست بە دەنگی نەشاز دەکات. لە لایەکی دیکەوە، خراپییەکەی ئەوەیە کە ئامێرێکی وشکە بۆ دەربڕینی ئیحساس. هەر بەناوەکەی دیارە کە سینتیسایزەر واتە دەنگی دروستکراو (دەنگی ئیستناعی). ئامێرێکی سرووشتی نییە، بۆیە ئەگەر بە جوانی بەکار نەهێندرێت ئەوە بۆ فەرهەنگ و فولکلۆری کوردی زەرەمەند دەبێت. سەرمەند فوئاد (یەکێك لە ژەنیارەکانی سینتیسایزەر) پێی وایە، سینتیسایزەر گۆڕانکارییەکی زۆری لە ناو موزیك و گۆرانی کوردی کردووە، چ لە ڕووی بەکارهێنانی ئەکۆرد یان دەنگ و ڕیتم...هتد. "بە تایبەتی ئەو سینتیسیازەرە نوێیانە کە لە توانایدایە شانزە تراك تۆماری پێ بکەیت یاخوود سکوێنسی پێ بکەیت" (فوئاد، 2021).[10] هەروەها درێژە بە قسەکانی دەدات و پێی وایە جاران چەند ژەنیارێك موزیکیان دەژەند هەر کۆپلەی بە شێوازێك دەردەچوو، بەڵام کە سکوێنس هات کارەکەی ئاسان کرد، ئەو کۆپلەیەی کە دەژەندرا دەتوانی هەمان کۆپلە کۆپی بکەیتەوە. پێی وایە لەو کاتەی کە سکوێنس هاتە کایەوە، سینتیسایزەر ڕۆڵێکی زۆر باشی بینیوە و کوالێتی تۆمارکردنی گۆرانی و موزیکی کوردی بەرز کردووەتەوە (فوئاد، 2021).




وێنە (9): سەرمەند فوئاد.

[10] سەرمەند فوئاد، یەکێکە لە ژەنیارانی ئامێری سینتیسایزەر.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەندێك جار بەهۆی ئەوەی ژەنیاری هەندێك لە ئامێرە فوڵكلۆری و ڕەسەنەكان شارەزایی و توانای ژەنینی باشیان نییە، سینتیسایزەر دەتوانێت تا ڕادەیەك ڕۆڵێكی پۆزەتیڤ ببینێت. لە لایەكی دیكەوە هۆگر عەزیز (ژەنیاری ئامێری سینتیسایزەر) دەڵێت: دەربارەی ڕۆڵی ئەم ئامێرە، "بە بۆچوونی من لە سەرەتادا سوودێكی زۆری نەبووە [ئامێری سینتیسایزەر] بۆ گۆرانی و موزیكی كوردی، چونكە نە لە ڕووی دەنگەوە نە لە ڕووی ڕیتمەوە كوالێتی باش نەبووە" (عەزیز، 2021).[11]

بە پێی بۆچوونی ئەو بەرێزانەی سەرەوە، ئامێری سینتیسایزەر ساڵ بە ساڵ لەگەڵ پێشكەوتنی تەكنەلۆجیبا كوالێتی دەنگ دروستكردنی پێشكەوتووە. هەروەها توانای ژەنینی دەنگی هەموو جۆرە ئامێرەكانی لەخۆ گرتووە. ئێستا جگە لەوەی ئەم ئامێرە ئەو پێشكەوتنە باڵایەی بەخۆوە بینیوە، ژەنیاری ئامێرەكە توانای ئەوەی هەیە ڕۆڵێكی كاریگەر ببینێت. لەسەر لایەنی ئەرێنی و نەرێنی ئامێری سینتیسایزەر لە نێو گۆرانی و موزیكی كوردی، ئەو بەرێزانەی چاوپێكەوتنمان لەگەڵیان كردوون پێیان وایە ڕێژەكە نسبییە. هەروەها دووپاتیان كردووەتەوە لێهاتوویی و توانای ژەنینی ئامێرژەنەكە گرنگە لەسەر ئەو ڕۆڵەی ئەو ئامێرە لە نێو گۆرانی و موزیكی كوردیدا دەیبینێت. ئێستا ئەم ئامێرە لە توانایدا هەیە دەنگی هەموو ئامێرێكی ڕاستەقینە لە نێویدا تۆمار بكرێت و بەكار بهێندرێت.



وێنە (10): هۆگر عەزیز.

## 2-1 چونێیەتی بەكارهێنانی سینتیسایزەر لە موزیك و گۆرانی كوردیدا

لە ڕاستییدا سەرەتای بەكارهێنانی ئامێری سینتیسایزەر یاخوود چۆنێیەتی بەكارهێنانی لە ناو گۆرانی و موزیكی كوردیدا، بە پێی ئەو زانیاری و گەڕان و چاوپێكەوتنانەی ئەنجام دراون بۆ ئەم توێژینەوەیە بۆمان دەركەوتووە، لە سەرەتادا ئەم ئامێرە توانایەكی زۆر سەرەتایی و سادەی هەبووە لە ڕووی

[11] هۆگر عەزیز، یەكێكە لە ژەنیارانی ئامێری سینتیسایزەر.

بەکارهێنانەوە، وەکو لایەنی دەنگ و ڕیتم...هتد. بۆ یەکەم جار لە سەرەتای ساڵانی حەفتاکان بەکارهێنراوە لە نێو تیپە جیاجیاکانی هەرێمی کوردستان، چ بۆ هاوشانیکردنی موزیکەکە بێت یاخود هەندێکجار بۆ ژەنینی سۆلۆ، بەکارهێنانی ئەم ئامێرە دیاردەیەکی جیهانییە، هەر وەکو چۆن لە جیهان بەکارهێنراوە و سوودی لێ وەرگیراوە بۆ کارە هونەرییەکانیان. لە کوردستانیش بەهەمان شێوە هەوڵ دراوە سوود لەم ئامێرە ئەلیکترۆنییە وەربگرێت و گۆرانی و موزیك و کارە هونەرییەکانی پێ دەوڵەمەندتر بکرێت. شێواز و ژەنینی بەکارهێنانی ئەم ئامێرە لە ناو گۆرانی و موزیکی کوردیدا بە چەند جۆرێك بووە، وەکو لە ناو تیپە موزیکییەکان و کاری موزیکی ستۆدیۆ، کاری بەندبێژی، کاری ئاهەنگێڕان و لایڤ موزیکی شوێنە جیاوازەکان، وەکو ڕێستۆرانت و کافتریا چەند شێوازێکی دیکە. هەرچەندە ئەم ئامێرە لە بنەڕەتدا ئامێرێکی ئەلیکترۆنی و ڕۆژئاواییە، بەڵام دواتر گەشەی کردووە و ڕۆژهەڵاتیش سوودی لەم ئامێرە بینیوە. مامۆستا سەڵاح ڕەئووف پێی وایە، "ئەم ئامێرە موزیکییە ئەلیکترۆنییە کاریگەری وەك هەر ئامێرێکی موزیکی کە ڕۆڵی تاکژەنی هەبووبێ سینتیسایزەریش هەمان کاریگەری هەبووە، مەرجی سەرەکی توانای ئامێرژەنەکەیە کە ئەو ڕۆڵە ئەبینێ و پێگە جوانەکەی لەناو ژەنینی موزیکەکەدا نمایش دەکات" (ڕەئووف، 2021). ئەگەر گوێ لە گۆرانییەکانی ساڵی نەوەتەکان بگرین، ئەوە دەبینین کاتێك گۆرانییەکە بەرگوێ دەکەوێت ئەو هەستێکی جوانت پێ دەبەخشێت. لە لایەکی دیکەوە مامۆستا ئەنوەر قەرەداغی لەم بارەیەوە دەڵێت، بەکارهێنانی ئەم ئامێرە بێگومان دیاردەیەکی جیهانییە هەر وەکو چۆن لە وڵاتان بەکارهاتووە، لای ئێمەش هەوڵدراوە سوود لەم ئامێرە وەربگیرێت، بەتایبەتی لە سەرەتای بەکارهێنانی لە تیپە موزیکییەکاندا، سوودێکی زۆر لەو ئامێرە بینراوە وەکو دەنگێکی باص کە موزیکەکەی پڕتر و پتەوتر دەکرد و دەهاتە بەرگوێ (قەرەداغی، 2021). دەتوانین بڵێین لە ئێستادا سرووشتی ئەم ئامێرە بە پێی ستایل و شێواز و فۆڕمی موزیك جیاکراوەتەوە. چونکە ئامێرێکی نوێ بووە و ئاستی ژەنیارەکان لە ڕووی زانستییەوە دەربارەی ئەم ئامێرە کەم و دیاری کراو بووە، لەگەڵ ئەوەشدا شارەزایی ئەکۆرداتیان کەم بووە، بۆیە ساڵانی حەفتاکان ئەو زانستە نۆێ بووە (نوردەین، 2021)، هەرچەندە هەندێك کات ئامێری سینتیسایزەر بۆ ژەنینی ئەکۆردات بەکارهاتووە، بەڵام دەبینین لە سەرەتاکانی ساڵانی 1970هەر سادە بووە و زیاتر ڕۆڵی سۆلۆ دەبینێ لە گۆرانی و موزیکەکاندا. واتە ئەم ئامێرە لە ئەورووپا زۆر لێزانانە تر بەکارهاتووە وەك لە هەرێمی کوردستان. لە ئێستادا ئەم ئامێرە کاریگەریەکی بەرچاوی بینیوە و گۆڕانکارییەکی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

زۆری لە موزیك و گۆرانی كوردی كردووە. هێمن حوسێن پێی وایە ئامێری سینتیسایزەر پێشكەوتنێكی زۆری بەخۆوە بینیوە تا، "وای لێهات سامپلەری تیكرا و توانای وەرگرتنی دەنگی ئامێری ڕاستەقینەی لێ درووست بوو" (حوسێن، 2021). ئێستا ئامێری سینتیسایزەر لە توانایدا هەیە دەنگی ئامێرە جیاوازەكان وەربگرێت و بكرێتە ناو بەرنامە و تەكنەلۆجییای سینتیسایزەرەكەوە. لێرەدا توانا و شارەزایی ژەنیارەكە گرنگە كە چۆن ئەو دەنگانە لە ژەنیندا بەكار دەهێنێت. ئێستا تەكنەلۆجییا وا پێشكەوتووە دەتوانین دەنگی ئامێرەكانی وەكو عود، فلوت، كەمان، ساز و ...هتد تۆمار بكەین و بەكاریان بهێنین. بۆیە ئەم ئامێرە وەكو جێگرەوەی زۆربەی ئامێرە موزیكییەكانی دیكە بەكاردەهێندرێت. ئەم كارەش بۆشاییەكی زۆی لە نێو پێرفۆڕمەنسی موزیكدا پڕ كردووەتەوە. سینتیسایزەر توانای نیشاندانی كۆمەڵە دەنگێك و ئیفێكتاتی جیاوازی هەیە. ساڵی نەوەتەكان بە ساڵی زێڕینی ئەم ئامێرە دادەنرێت لە هەرێمی كوردستاندا. ئێستا خەڵكی بەو ئامێرە ئاشنان و بەردەوام لە تۆماركراوەكاندا گوێبیستی دەبن و لە كەناڵەكانی تەلەفزیۆندا دەیبینن. لە ڕووی بەكارهێنانییەوە ئەم ئامێرە ڕۆڵێكی زۆر باشی هەبووە چی لە ڕووی (سۆلۆ، ئەكۆرد، ئیفێكت...هتد). ئەمانە هەمووی كاریگەری خۆی هەبووە بەتایبەتی لە ناو ستۆدیۆییەكاندا لە هەموو بوارەكانی موزیك چ بۆ گۆرانی بێت یاخوود بۆ فلیم. ئەم ئامێرە لە ئێستادا چەند جۆرێكی هەیە و جیاوازن لە ڕووی ستایل و نرخەوە...هتد. بۆ نموونە سینتیسایزەر هەیە تایبەت بە سكوێنسەر،[12] بە كاری ئەرێنج[13]و ...هتد. ئەمە ئەوە دەگەیەنێت كە هەر جۆرێك تایبەتمەندی خۆیان هەیە لە بەكارهێنان و ژەنیندا. هەندێك كات وەكو ئیفێكتی[14]دەنگ لە تۆماركردنی فیلمدا بەكاردەهێندرێت. ڕۆژ بە ڕۆژ كۆمپانیاكان كاری زیاتر لە سەر دروستكردنی ئامێری سینتیسایزەر دەكەن و تەكنەلۆجییای[15] پێشكەوتوو بەكاردەهێنن بۆ ئەوەی لە هەموو كۆنتێكست و ستایلێكی موزیكدا بەكار بهێندرێت. وشیار عوبێد ژەنیاری سینتیسایزەر پێی وایە، لە ساڵی هەشتاكاندا لە ئاهەنگی هاوسەرگیری هەندێك كات ئەكۆردات بەكارهاتووە. ئەم

[12] سكوێنسەر، بەواتای دروستكردنی هەر كارێكی هونەری دێت كە پارچە پارچە ژەندراوە و دواتر لكێندراوە پێكەوە.

[13] ئەرێنج، بەواتانی دابەشكردنەوەی هەر كارێكی موزیكی دێت.

[14] ئیفێكت، بەواتای كاریگەییە دەنگییەكان دێت كە بۆ كاری فیلم و بڕۆگرامەكان بەكاردەهێندرێت.

[15] تەكنەلۆجیا، ئەم وشەیە پێكهاتووە لە دوو بەش (techno) بەواتای هونەر، پیشە، یان ئەدا، بەشی دووەمیش بریتییە لە (logy) بەواتای خوێندن، یان زانست دێت.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بیروباوەڕەی هوشیار عوبێد لەوە سەرچاوەی گرتووە کە پێی وایە لە ساڵی هەشتاکان تەنها ئامێری سینتیسایزەر بەکارنەهاتووە بەڵکو هاوشانی لەگەڵ ئامێرەکانی وەکو درامس، بێزگیتار و گیتار(عوبێد، 2021).[16]

ئێستا ئامێری سینتیسایزەر توانای ژەنین و تۆمارکردنی لە نێو خوێدا هەیە، توانای دەربڕینی هەموو جۆرە ئامێرێکی هەیە. بەم پێیەش دەتوانێت بە تها ڕۆڵی هەموو ئامێرێك ببینێت. ئامێری سینتیسایزەر وەکو ئامێرێکی سەرەکی ڕۆڵێکی بەرچاو دەبینێت لە هەموو شێوازە موزیکییەکانی وەکو ستۆدیۆ، لایڤ موزیك، ئاهەنگ و بەندبێژی...هتد. بۆیە دەبینین ئەم ئامێرە هەرچەندە گۆڕانکاری و پێشکەوتنی تێدا ئەنجام بدرێت، بە هەمان شێوە گۆڕانکاری لە گۆرانی و موزیکدا دەکات. لێرەدا ژەنیار هۆگر عەزیز دەڵێت: "لە سەرەتادا ئەم ئامێرە زۆر پێشکەوتوو نەبووە وردە وردە پێشکەوتنی زیاتری بەخۆوە بینی، چەند ساڵ جارێك گۆڕانکاری تێدا دەکرێت، هەر لە گۆڕینی شێواز و زیادکردنی دەنگی ئامێرەکان و باشکردنی کوالێتی دەنگی و زیادکردنی ڕیتم...هتد" (عەزیز، 2021). واتە هەر ژەنیارێك بە پێی توانا و زیرەکی خۆی بەکاری دەهێنێت، بۆ نموونە ئەوانەی لە ئاهەنگ بەکاری دەهێنن زیاتر وەکو ڕیتم و سۆلۆیە نەك وەکو هارمۆنی و ئەکۆردات، چونکە ئەگەر لێی ورد بینەوە ئەو ژەنیارانەی بەزۆریی ئاهەنگ دەگێڕن وەکو، لایەنی هارمۆنی و ئەکۆردات گوێ پڕ ناکاتەوە، بەڵام لە ئێستادا زۆربەی ژەنیارەکان، شارەزایی ئەکۆردات و هارمۆنی هەن و بەکاری دەهێنن(عەزیز، 2021). بە پێی ئەو چاوپێکەوتنانەی کە ئەنجامدراون، دەرکەوتووە کە ئەم ئامێرە لە توانایدا هەیە هەموو کارێکی پێ ئەنجام بدرێت، ئەویش دەکەوێتە سەر بەکارهێنەرەکەی کە چۆن بەکاری دەهێنێت. لە ڕووی گۆڕانکارییەوە پێشکەوتنێکی بەرچاوی هەبووە لە بەرەوپێشچوونی گۆرانی و موزیك لە هەموو ڕوویەکەوە، چ لایەنی دەنگی یاخوود ڕیتمی و تەکنەلۆجی. لە کۆی گشتی هاوشانی ئامێرەکانی دیکەدا کاریگەری هەبووە لە بەرەوپێشچوون و کارئاسانی لە نێو گۆرانی و موزیکی کوردیدا. جیا لە گۆرانی و موزیك، ئەم ئامێرە هاوکارێکی باش بووە لە بواری ڕاگەیاندنی تەلەفزیۆنی و ڕادیۆییدا تاوەکو موزیکی بەرنامە و هەواڵی پێ ساز بکەن. بەتایبەت لە ساڵی نەوەدەکان بەوەی ڕیتم و ئیفێکتی زۆری تێدابوو، کارئاسانی زۆری بۆ بەرنامەی تەلەفزیۆن و ڕادیۆکان درووستکردبوو.

[16] وشیار عوبێد، یەکێکە لە ژەنیارانی ئامێری سینتیسایزەر.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## 3 بەکارهێنانی سینتیسایزەر لە ئاهەنگ و هەڵپەڕکێی هاوسەرگیرییدا

سینتیسایزەر ئامێرێکی ئەلیکترۆنییە و پەیوەستە بە تەکنەلۆجییەوە، چەندین بیر و ڕای جیاواز هەیە لەسەر ئەم ئامێرە موزیکییە، وەکو چۆن مارتینێز دەڵێت "سینتیسایزەر لە سەرەتا و پێش هەر ڕوویەکی تەکنەلۆجی ئامێرێکی موزیکییە، ئامێرێك کە توانای بەرهەمهێنانی دەنگی هەیە بەپێی خواستی ئەو کەسەی کە دەیژەنێت، لە پێناو ئەوەی لە بەرهەمهێنانی موزیکدا بەکار بهێندرێت" (Martinez,2008:9). لێرەدا سینتیسایزەر جگە لەوەی ئامێرێکی تەکنەلۆجییە، دەنگێکی جێگیر و ئەلیکترۆنی هەیە بەڵام، دەتواندرێت بە پێی خواستی بەکارهێنەرەکەی ئەو دەنگەی ئارەزووی لێ دەکات دروستی بکات. هەر لەکۆنەوە ژیانی مرۆڤ بریتی بووە لە خۆشی و ناخۆشی، بێگومان دەربڕینی ئەم هەستانەش هەریەکەو ئامراز و شێواز و دابونەریتی خۆی هەیە. ئەگەر باسی موزیك بە نموونە بکەین، ئەوا ئەو موزیکەی کە بۆ خۆشی دەربڕین بە کاردێت، پێویستە موزیکێکی شادیبەخش بێت. بە پێچەوانەشەوە، ئەو موزیکەی بۆ دەربڕینی خەم و ناخۆشی بەکاردێت، پێویستە موزیکێکی خەماوی و حەزین بێت. لەم ڕوانگەوە ئەگەر باسی ئاهەنگ بکەین، ئەوە هەر نەتەوەیەك بۆ هەر خۆشی و دەربڕینێك ئاهەنگی تایبەت بەخۆی هەیە وەکو، ئاهەنگی لە دایك بوون و ژن هێنان و...هتد. ئاهەنگی هاوسەرگیریش هەر لە کۆنەوە لە ناو نەتەوەی کوردا باو بووە و بە گەلێك شێوازی جیاواز گوزارشتیان لەم بۆنەیە کردووە. بێگومان ئەگەر باسی مێژووی ئاهەنگی بووك گواستنەوە لە ناو کەلتووری نەتەوەی کورد لە هەرێمی کوردستان بکەین، ئەوە دەبێت ئاماژە بەوە بکەین کە بە درێژایی مێژوو لە کۆنەوە تاوەکو ئێستا گۆڕانکارییەکی زۆری بەسەرداهاتووە. لە ئاهەنگی بووك گواستنەوە تا سی ساڵێك بەر لە ئێستا زۆر سادە بووە. لە سەردەمی کۆندا خەڵك کاتێکی زۆری بۆ هەموو بۆنەکان تەرخان دەکرد، بۆ نموونە ئەگەر لە گوندێك یاخوود لە شوێنێك ئاهەنگێکی هاوسەرگیری ئەنجام بدرایە، هەموو خەڵکی بەبێ جیاوازی بەشدارییان تێدا دەکرد بێگومان ئاهەنگەکان بە شێوەی سادە بۆ ماوەی چەندین ڕۆژ بەردەوام دەبوون. کەسانی دەنگ خۆش بە یاوەری زەربێك یاخوود دەهۆڵ و زووڕنا یاخوود زۆر جار بەبێ یاوەری هیچ ئامێرێکی موزیکیی گۆرانییان دەوت. گۆرانیبێژەکان لە نێوان خۆیاندا کۆپلەی گۆرانییەکان لە یەکتریان وەردەگرتەوە. شێوازی گۆرانییەکانیش بە زۆری بریتی بوون لە بەستە و بەند شادیبەخش. هۆنراوەی گۆرانییەکان سادە و ساکار بوون.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەڵبەت سینتیسایزەریش وەکو هەموو کەرەستە ئەلیکترۆنییەکانی دیکە، پێشکەوتنی زۆری بە خۆوە بینیوە. لەگەڵ هەر پێشکەوتنێکیش، گۆڕانکاری زۆری لە نێو بەرهەمی موزیکیدا دروست کردووە. هەندێك جار بەهۆی ئەو هەموو کارئاسانییەی بە ئامێرەکە دەکرێت، تا دێت جیاوازی لە نێوان ژەنیاری بە توانا و کەسی سەرەتایی کەم دەکاتەوە. ژەنیاری ئامێری سینتیسایزەر، هۆگر سەعید دەڵێت: "لە ئێستادا لە ئاهەنگی هاوسەرگیری ڕیتمی گۆرانییەکان کە بۆ هەڵپەڕکێ بەکاردەهێندرێت بەزۆری 4/2 و 8/6 تە، بەخێرایی نوارێك یەکسان بێت بە (140-148) بە پێی حەزو ئارەزووی خاوەن ئاهەنگەکە دەبێت" (سەعید، 2021). بە شێوەیەکی گشتی، لە زۆربەی ئاهەنگەکانی هاوسەرگیریدا ژەنیارەکان دەنگی ئامێرەکانی وەکو باڵەبان و شمشاڵ و چەند ئامێرێکی دیکە لە ژەنینی سۆلۆکاندا بەکاردەهێنن. بە پێی ئەو چاوپێکەوتنانەی ئەنجامدراون، لەگەڵ پێشکەوتنی کۆمەڵگە و پێشکەوتنی تەکنەلۆجی، وردە وردە شێوازی بەڕێوەچوونی ئاهەنگی هاوسەرگیری گۆڕانکاری بەسەرداهاتووە. دوای تێکەڵبوونی خەڵك بە کەلتووری شار، ئاهەنگەکان گواسترانەوە بۆ هۆڵەکان. ئیتر لەوە شێوازە دەرچوو کە پێشتر لە گوندەکان لە هەوای کراوە بەڕێوە دەچوو. لە ڕووی ئامێر و ئامرازەکانیش ئامێری پێشکەوتووتر کەوتنە ناو کۆمەڵگەوە. موزیکژەنەکان وردە وردە شارەزاییان لە ئامێری سینتیسازەر پەیدا کردوو و توانیان لە بۆنە و ئاهەنگە جیاوازەکان بەکاریان بهێنن. لەگەڵ پەیدابوون و هاتنە ناو کەلتووری گەلی کورد، هەر زوو ئەم ئامێرە لە ئاهەنگەکان بە گشتی و بۆنەکانی هاوسەرگیری بەتایبەتی بەکارهاتووە. بەهۆی پێشکەوتن و ئەو توانا زۆرەی کە ئەم ئامێرە هەیەتی، بەتایبەتی لە ڕووی دەنگ و ڕیتم و ئاسانی بەکارهێنانی، لە هەموو ئامێرەکانی دیکە دەوڵەمەندترە. لە سەرەتادا توانایەکی سنووردای هەبووە. تەنها چەند دەنگێکی کەم و دیاری کراوی تێدا بوو. بێگومان ئەم هۆکارانەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەو کات تەکنەلۆجییا وەکو ئێستا پێشکەوتوو نەبووە. لە لایەکی دیکەوە ئەم ئامێرە درووستکراوی وڵاتانی ڕۆژئاوایی بووە، بۆیە سەرەتا ستایلی ڕۆژئاوایی پێوە دیار بووە، بەوەی کە تەنها دەنگی ئامێرە باوەکانی تێدا بەدی دەکرا، وەکو ئامێرەکانی ڤایۆلین، کلارنێت، چەلۆ، پیانۆ و فلوت...هتد. ژەنیاری سینتیسایزەر، سامان قادر، دەڵێت: "بە هۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆجیاوە، توانرا توانای تەکنیکی ئامێرەکە بە شێوەیەکی بەرچاو بەرەو پێشببرێت" (قادر، 2021).[17] ئێستا دەتواندرێت دەنگ لە ئامێرێکی ڕاستەقینە وەربگریت و لە نێو سینتیسازەردا خەزنی بکەیت. دواتر دەتواندرێت ئەو

[17] سامان قادر، یەکێکە لە ژەنیارانی ئامێری سینتیسایزەر.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەنگانە بۆ ژەنین بەکاربهێندرێت. ئەگەر ژەنیارەکە بە توانا و لێهاتوو بێت، دەتوانێت بە شێوەیەك دەنگەکان بەکاربهێندرێت بە ئاسانی لەگەڵ ژەنینی ئامێرە ڕاستەقینەکە جیا نەکرێتەوە، واتە لە گوێبیست بوونی هەست ناکەی کە ئەمە دەنگی ئامێری سینتیسایزەرە، بەڵام لایەنی ڕووحییەتەکەی بێگومان ناگاتەوە ئامێرە زیندووەکە (قادر، 2021).



وێنە (11): سامان قادر.

بە پێی ئەم بۆچوونانەی سەرەوە، کە لە لایەن چەند ئامێرژەنێکی سینتیسایزەرژەنەوە دووپات کراوەتەوە، سینتیسایزەر لە بۆنە و ئاهەنگی هاوسەرگیری ڕۆڵێکی بەرچاوی بینیوە و سوودێکی باشی لێ وەرگیراوە. لە زۆربەی ئاهەنگەکانی بووك گواستنەوە و هاوسەرگیریدا، ئەوە بەدی دەکرێت ئەوەیە تەنها گۆرانیبێژێك لەگەل سینتیسایزەرژەنێك ئاهەنگەکە ساز دەکات. وای لێهاتووە بە دەگمەن ئامێری فوڵکلۆری لە ئاهەنگەکاندا بەکاربهێندرێت. تەنانەت وای لێهاتووە هێچ ئاهەنگێکی هاوسەرگیری بەبێ ئامێری سینتیسایزەر ساز نەکرێت.

## 3- 1 بەکارهێنانی سینتیسایزەر لە ستۆدیۆکاندا

بەکارهێنانی ئامێری سینتیسایزەر لە نێو ستۆدیۆدا سوودێکی گەورەی بە بواری تۆمارکردنی دەنگ بە گشتی و موزیك و گۆرانی کوردی بەتایبەتی هەبووە. گەلی کورد، وەکو نەتەوەکانی دیکەی جیهان، توانیویەتی لە پێناو خزمەتکردن بە هونەر و موزیکی خۆی، تا ڕادەیەك سوودێکی باش لە کاری تۆمارکردن و بەرهەمی ستۆدیۆدا وەربگرێت. ژەنیاری سینتیسایزەر، کاوە شێخ، دەڵێت: "بە بۆچوونی من ئەم ئامێرە لە نێو ستۆدیۆکاندا باشترین ڕۆڵی گێڕاوە و باشترین ڕۆڵی هەیە لە ناو گۆرانی و موزیکی کوردی و موزیکی ئەوروپیدا وەکو جاز و پۆپ موزیکی فیلم " (شێخ، 2021). لە بۆچوونەکەیدا ئەوە دەردەکەوێت دەتواندرێت بەرهەمی زۆر باش لە ستۆدیوکاندا بە ئامێری

سینتیسازەر تۆمار بکرێت، بەتایبەتی لە ڕووی دابەشکردنی هارمۆنییەوە. بە پێی ئەو چاوپێکەوتنانەی ئەنجامدراون، ژەنیارانی سینتیسایزەر پێیان وایە کە ئەم ئامێرە پێویستییەکی سەرەکی ئەم سەردەمەیە لە کاری ستۆدیۆ و بواری تۆمارکردنی موزیك و گۆرانی کوردیدا، چونکە بەهۆی ئەم ئامێرە بناغەی هەموو کارە موزیکی و دەنگییەکان لە ستۆدیۆ دادەندرێت. بەبێ بوونی ئەم ئامێرە لە ستۆدیۆدا، تۆمارکردنی بەشێك لە کارە موزیکییەکان دەتوانین بڵێین کەم و کوڕی تێدەکەوێت و بناغەیەکی تۆکمە و پتەوی نابێت (ئەحمەد، 2021). هەروەها بە هۆی دەوڵەمەندی و توانای تەکنیکی و پێشکەوتنی تەکنەلۆجی لە ئامێرەکەدا، ژەنیاری سینتیسایزەر، ئاراز ڕەفعەت، دەڵێت: "بەتایبەتی لەم سەردەمەی ئێستاماندا توانراوە جێگەی زۆربەی ئامێرە موزیکییەکانی پێ پڕ بکرێتەوە تا ڕادەیەکی زۆر باش" (ڕەفعەت، 2021)[18]. واتە بۆ زۆر لایەن و بابەتی جیاوازی دیکەش سوودی بەرچاوی لێ بیندراوە، وەك بواری کاریگەری دروستکردن (مؤثرات صوتي) و کاری موزیکی فیلم و کاری بازرگانی و ڕیکلام و گەلێك کاری دیکەش بەکارهاتووە. بەگشتی ئەم ئامێرە لە کاری ستۆدیۆدا ئەرکێکی زۆر لەسەر شانی گۆرانیبێژ و ژەنیاران کەم دەکاتەوە لە لایەنی ماددی و گەڕاندنەوەی کات و ماندووبوون. هەندێك گۆرانیبێژ کارە هونەرییەکانیان تەنها بەم ئامێرە تۆمار کردووە. هەندێکیش کارە هونەرییەکانیان بە هاوشانی یەك یان دوو ئامێری ڕاستەقینەی وەکو ڤایۆلینێك و باڵەبانێك تۆمار کردووە (عوبێد، 2021).



وێنە (12): وشیار عوبێد.

ئەم بۆچوونانەی سەرەوە دەمانگەیننە ئەو باوەڕەی کە ئەم ئامێرە کاری باشی پێ تۆمارکراوە لە ستۆدیۆکاندا. هەروەها گوێگری ئاشنا کردووە بە دەنگی مۆدێرن و ستایلی مۆدێرن، بەڵام هەموو ئەمانە دەکەوێتە سەر چۆنییەتی بەکارهێنانی ئەو ئامێرە ئەلیکترۆنییە لە لایەن ژەنیارەکەوە.

[18] ئاراز ڕەفعەت، یەکێکە لە ژەنیارانی ئامێری سینتیسایزەر.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## 3- 2 سینتیسایزەر لە تیپە موزیکییەکاندا

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژووی بەکارهێنانی ئامێری سینتیسایزەر لە نێو تیپە موزیکییە کوردییەکان، لە هەرێمی کوردستان، ئەوا مێژوویەکی زۆر دوور و درێژی نییە. لەم بارەیەوە مامۆستا ئەنوەر قەرەداغی دەڵێت: "ئەوەندەی من ئاگادار بم لە بەکارهێنانی ئەم ئامێرە موزیکییە ئەلکترۆنییە لە ناو تیپەکاندا، دەبێت ئەو ڕاستییە بزانین کە لە ساڵانی حەفتاکاندا بۆ یەکەمجار لە تیپی موزیکی زانکۆی سلێمانی بەکارهێندراوە" (قەرەداغی، 2021). هەرچەندە پێش بەکارهێنانی ئامێری سینتیسایزەر لە نێۆ گۆرانی و موزیکی کوردیدا، چەندین تیپ بوونی هەبووە و دامەزرابوون. بەڵام وەکو مامۆستا ئەنوەر قەرەداغی ئاماژەی پێی کردووە، کە ئەم ئامێرە بۆ یەکەم جار لە لایەن تیپی موزیکی زانکۆی سلێمانییەوە بەکارهاتووە. واتە پێشتر بەکارنەهاتووە لە لایەن هیچ تیپێکی دیکەوە. مامۆستا ئەنوەر دووپاتی دەکاتەوە و دەڵێت، ئێمە ئەو ئامێرەمان هێنایە ناو ئەو تیپە و هەوڵی پەیدا کردنیماندا، ئەویش لە لایەن ژەنیارێك لەم گرووپەدا بەکارهێنرا، کەسێکی بەڕەچەڵەك ئەرمەنی بوو بەناوی (هاروود بالاکیان). سینتیسایزەرژەن ئاری عەبدوڵلا پێی وایە، ئەم ئامێرە موزیکییە بە گشتی لە نێو گرووپی موزیکیدا بە چەند شێوازێك سوودی لێ وەردەگیرێت و بەکاردێت، بۆ نموونە لە کاتی نەبوونی ئامێرێك کە دەنگی ئەو ئامێرەش پێویست بێت بۆ ئەوەی وەك سۆلۆ لە گۆرانییەکدا بەکاری بهێنی، ئەوە سینتیسایزەر بەکاردەهێندرێ شوێنی ئەوە ئامێرە دەگرێتەوە کەواتە ئەو بۆشاییە بە سینتیسایزەر پڕ دەکرێتەوە (عەبدوڵلا، 2021). بەپێی ئەو چاوپێکەوتنانە دەرکەوت ئەم ئامێرە لە نێو گرووپدا، بەزۆری ڕۆڵی ئەکۆردات دەبینێت، بۆ ئەوەی باگراوندی موزیکەکە بەپڕی بەر گوێی بیستەر بکەوێت و هارمۆنییەکی گونجا و پڕتر ببسترێت، هەست بە بۆشایی نەکرێت لە موزیکەکەدا. جگە لەمەش زۆربەی کات ڕۆڵی ڕیتم دەبینێت لە گرووپەکاندا، ئامێری درامس بەهاوشانی ڕیتمی ئەم ئامێرەدا دەڕوات و پڕتری دەکات. ژەنیاری سینتیسایزەر سەرمەند فوئاد دەڵێت، ڕیتم لەم ئامێرە ئەلێکترۆنییە و تەواو جێگیرە، زیاد و کەمی لە ترپەکاندا نییە دەبێتە هۆی ئەوەی کە ژەنیاری درامسەکە ترپەکانی جێگیر بکات و ئەو ڕیتمە چڕ و پڕتر و ڕازاوەتر بێت. هەروەها لە درێژەی قسەکانیدا سەرمەند فوئاد پێی وایە، کە هەندێك جار ڕۆڵی ئامێری بێز گیتاری پێ دەدرێت بەهۆی ئاسانی بەکارهێنانی، بەئاسانی تەکنیکی ئەو ئامێرە ئەنجام دەدات بەمەرجێك ژەنیارەکە شارەزای هەبێت و توانایەکی باشی هەبێت، ئەو بەیزی ژێرەوەی موزیکەکە پڕ دەکاتەوە (فوئاد، 2021). لە کۆی ئەو زانیارییانەی کە دەستمان

کەوتوون دەرکەوتووە بۆمان کە ئەم ئامێرە  بە یەکێك لە ئامێرە هەر گرنگەکانی ناو موزیکی کوردی دادەنرێت، بەتایبەتی لە ئێستادا، لە بەر ئەوەی توانایییەکی زۆری هەیە جا چ لە ڕووی دەنگ و چ لە ڕووی ڕیتمەوە، دەتواندرێت وەك جێگیرەوەی زۆربەی ئامێرەکان بەکاربهێندرێت. لێرەدا تۆێژەر پێی وایە کە ئەم ئامێرە چونکە مەوداییەکی فراوانی لەخۆ گرتووە لەڕووی دەنگ و ڕیتمەوە، لە تواناییدا هەیە وەکو جێگیرەوەی زۆربەی ئامێرە موزیکییەکان بەکاربهێندرێت بەڵام ئەویش دەکەوێت سەر لێهاتووی و شارەزایی ئەو کەسەی کە بەکاری دەهێنێت. لە هەمان کاتدا توانای ژەنینی سۆلۆی ئامێرێك و ئەکۆردات و ڕیتم و سکوێنس کردنی چەند پارچەیەکی موزیکی بەشێوازیکی جوان و پوخت گونجاو هەیە.  زۆربەی ئەوانەی کە قسەمان لەگەڵیان کردوون پێیان وایە ڕۆڵی ئەو ئامێرە هێجگار گرنگە لە نێو تیپە موزیکییەکاندا. بۆ نموونە هۆگر عەزیز، کە ژەنیارێکی بەرچاوی سینتیسایزەر لە شاری هەولێر، دەڵێت: "بوونی ئەم ئامێرە بە گرنگ و پێویست دادەنرێت لە ناو گرووپە موزیکییەکاندا، چونکە توانای بەکارهێنانی فراوانە بەتایبەتی لەم سەردەمەی ئێستاماندا کە پێشکەوتنێکی تەکنەلۆجیی زۆری بەخۆوە بینیوە، دەتوانین بڵێن ئەگەر ژەنیارێکی بەتوانا بێت ئەوە دەتوانێت بە تەنها خۆی ڕۆڵی تیپێکی موزیکی ببینێت" (عزیز، 2021). ژەنیارانی ئەم ئامێرە پێیان وایە کە ئەم ئامێرە پێداویستییەکی ئەم سەردەمەیە بۆ گۆرانی موزیکی کوردی لە ناو تیپەکاندا، لە هەموو ڕوویەکییەوە وەکو لایەنی ئەکۆردات و ڕیتم و چەند لایەنێکی دیکە بۆ پتەوکردنی هەر موزیکێك.

## 3 -3 بەکارهێنانی سینتیسایزەر لە بەندبێژیدا

هەموو نەتەوەیەك ئاواز و شێوازی تایبەت بە خۆی هەیە، کە لە هیچ نەتەوەیەکی دیکە ناچێت. بێگومان ئەمەش شتێکی سرووشتی و ئیلاهییە، کە ئەم جیاوازییە لە کەلتوور و دابونەریتی سەرڕووی زەمین بە دی دەکرێت. هەر وەك چۆن نەتەوەکان خاوەن میلۆدی و فۆلکلۆری و شایی و سەما و فەرهەنگی تایبەت بە خۆیانن، ئێمەش وەکو نەتەوەی کورد چەندین جۆر و شێوازی گۆرانی و موزیکمان هەیە، کە بۆ  زۆر بۆنە و بواری جیاواز هەر لە کۆنەوە تاوەکو ئێستا بەکارمان هێناون. بۆ نموونە گۆرانییەکانی کار، ساوارکوتان، شین، لاواندنەوە، بۆنەکان، لاوك، حەیران، سیاسی و ڕۆژانە (محەممەد، 2017: 28). لەم ڕوانگەیەوە، گۆرانییە  فولکلۆرییەکانی شادی بەخش چەندین جۆریان هەیە. وەکو فولکلۆرییەکان و بەستە و بەند و دانراو و چەندین جۆری دیکە. لێرەدا کە بابەتەکەمان بابەتی بەندە، دەبێت ئەوە بلێن کە مێژووی ئەم هونەرە ڕەگ و ڕیشەیەکی قووڵی لە کەلتووری

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کوردەواری هەیە. هەر لە کۆنەوە لە بۆنەکانی شادی و ئاهەنگەکانی خۆشی بەکارهاتوونە. ئەم شێوازە وەکو نەریتێکی کوردی باوی ئەم سەردەمە ناسراوە. لە دیدارێکدا لەگەڵ ژەنیاری سینتیسایزەر سامان قادر، پێی وایە، بە گشتی چوارچێوەی بەندبێژی پێکهاتووە لە دانیشتنێکی کۆمەڵە کەسێك لەگەڵ دوو گۆرانیبێژ یان زیاتر، بەیاوەری ژەنیارێك یان دوو ژەنیاری سینتیسایزەر، لەگەڵ ئامێرێك یان زیاتر یان زۆربەی کات بە تەنها ئامێری سینتیسایزەر بەڕێوە دەچێت. واتە لێرەدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە زۆربەی کات ئەم شێوازە موزیکە بە تەنها پشت بە ئامێری سینتیسایزەر دەبەسترێت و ئاوازەکە دەژەندرێت، لە هەمان کاتدا ئەم ئامێرە لەم جۆرە دانیشتنە ڕۆڵێکی گەلێ زۆری هەیە بە هۆی فراوانی توانای بەکاریهێنانی، لە ڕووی تەکنەلۆجیی و دەنگ و ڕیتم و سکۆێنسکردنی موزیك...هتد. سامان قادر دووپاتی دەکاتەوە و دەڵێت، لەم شێوازە موزیکییەدا، ئامێری سینتیسایزەر بەگشتی ڕۆڵێکی کارای بینیوە و سوودێکی یەکجار گەورەی لێ بیندراوە (قادر، 2021). بە پێی زانیاریمان لە چوارچێوەی ئەو چاوپێکەوتن و گەڕانانەی ئەنجام دراون، دەرکەوتووە ئامێری سینتیسایزەر ڕۆڵێکی گەورە و بەرچاوی لە بەرێوبردنی هونەری بەندبێژی بینیوە. هەندێك لە پسپۆڕان پێیان وایە ئامێری سینتیسایزەر بۆشاییەکی زۆری لە هونەری بەندبێژیدا پڕ کردووەتەوە. هەندێکی دیکە پێیان وایە بە دەرکەوتنی سینتیسایزەر لە گۆرانی و موزیکی کوردیدا سەرلەبەری هونەرکە شێوندراوە. هەروەها کەسانێکی زۆر هەن باوەڕیان وایە کە ئامێرژەنانی سینتیسایزەر زۆر بە لێهاتوویی ئەم ئامێرە لە هونەری بەندبێژیدا بەکاردەهێنن. لەگەڵ ئەمانەش گرووپێك لە شارەزایانی موزیکی کوردی تەواو پێچەوانەی ئەو ڕاییەن کە ئامێرژەنەکانی سینتیسایزەر توانیبێتیان بە لێهاتوویی ئامێری سینتیسایزەر لە هونەری بەندێیژیدا بەکاربهێنن. هەر وەکو چۆن مامۆستا وریا ئەحمەد دەڵێت، بەهۆی ناپسپۆڕی ئەو ژەنیارانەی کە لەم شێوازەدا ژەنین ئەنجام دەدەن نەتوانراوە سوود لە تەکنەلۆجییای ئەم ئامێرە بەشێوەیەکی زانستی و درووست وەربگرن (ئەحمەد، 2021). نەشارەزایی ژەنیاران لەوەیە، کە گۆرانیبێژێك دەڵێ دەنگی (صۆل) گونجاوە بۆ دەنگی من، کە چی گەر لێی ورد ببینەوە ئەوە دەبینین ژەنیارەکە هەر لە دەنگی (لا) یاخوود هەر دەنگێکی دیکەی ئاسان بێت دەیژەنێت. بەڵام ترانسپۆزەشن[19] بەکاردەهێنێت. لێرەدا مانای ئەوەیە چی ئاسان بێت بۆ ژەنیارەکە ئەوە هەڵدەبژێرێت

[19] ترانسپۆزەشن، بەواتای گۆڕینی تۆن دێت.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

نەوەك پێویستی و زانستی کارەکە، بەوپێیەش هیچ پێشەکییەك یا موزیکێکی جوان و ڕێکوپێك کە لە داهێنانی خۆی بێت و لەگەڵ ئاوازی بەندەکە بگونجێ نابیسترێ (ڕەفعەت، 2021).



وێنە (13): ئاراز ڕەفعەت.

مامۆستا وریا ئەحمەد لە میبانەی قسەکانیدا ئاماژە بەوە دەکات، کە ئەو ژەنیارانەی کاری بەندبێژی دەکەن جگە لەوەی ئاستیان لە سەرەتاییدایە، توانای بەکارهێنانی دەستی چەپییان نییە، تەنها بە دەستی ڕاست موزیکەکە دەژەنن و یاوەری بەندبێژەکە دەکەن. هەر بۆیە ژەنینی موزیك لەم بوارەدا لە چوارچێوەی بازنەیەکی سنووردار دەسووڕێتەوە، پێشکەوتنی بەرچاو بە خۆیەوە نابینێت، ژەنیارەکان بەلاسایی میلۆدی بەندەکە دەژەنن. بۆیە ژەنیاری ئەم شێوازانە پێویستی بە کارامەیی زۆر نییە، هەر کەسێك بییەوێت دەتوانێت تەنها بە بینینی خوولێك فێری ئەوە ببێت کە کاری ژەنین لەگەڵ هونەری بەندا بکات، هەر بۆیە ئەم هونەرە بە هۆی سادە و ساکارییەوە زۆربەی کات کە تەنها بە یاوەری سینتیسایزەر بەڕێوە دەبرێت و ئەنجام دەدرێت (ئەحمەد، 2021). واتە ئەمەش هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، چونکە هونەرەکە سادە و ساکارە دەیانەوێت بە کەمترین کات و تێچوو و ماندووبوون بە ئاسانترین شێواز بۆنەکە بەڕێوەببن. بۆیە سینتیسایزەر لە ڕووی تەکنەلۆجییەوە ئامێرێکی دەوڵەمەندە دەتوانێ ڕۆڵی هەموو ئامێرە موزیکییەکان ببینێت ئەمەش ئاسانکارییەکی یەکجار زۆر بۆ ژەنیارەکە دەڕەخسێنێت. لە ڕووی ژەنین بگرە هەندێك جار بەهۆی توانای تەکنیکی ئامێرەکە ژەنیار دەتوانێت پێشوەختە میلۆدییەکان یاخود ڕیتم و ئەکۆردەکان بە پێی پێویستی خۆی سکوێنس بکات. بێگومان ئەمەش ئاسانکارییەکی هێگجار زۆرە بۆ ژەنیارەکە بگرە کەسی سادە ئەگەر ژەنیارێکی باشیش نەبێت ئەوە دەتوانێت بەم جۆرە کاری بەندبێژی بەڕێوەببات. بێگومان ئەم تەکنەلۆجیایەش لە ناو ئامێری سینتیسایزەرەدا هەیە لەگەڵ ئەوەی سوودێکی گەورە و بەرچاوی هەبووە. ژەنیاری سینتیسایزەر سامان قادر پێی وایە، کاریگەری نەرێنی هەبووە کە ڕۆڵی ژەنیاری بە توانا و بێ توانا تێکەڵ کردووە،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

وایکردووە هەندێك لە ژەنیاری بێ توانا مافی ژەنیاری بە توانا بۆ خۆیان زەوت بکەن (قادر، 2021). نیهاد یەکێك لە ژەنیاری ئەم ئامێرە دەڵێت "سینتیسایزەر لەم شێوازە موزیکییە ڕۆڵێکی زۆر خراپی بینیوە" (سابر، 2021). چونکە ئەم جۆرە گۆرانییە لە سەرەتادا بە ستایلێکی سادەی فولکلۆری دەژەندرا، کە ئەویش گۆرانیبێژێك بە یاوەری تەپڵ و باڵەبان یان هەر ئامێرێکی دیکەی کوردەواری، بەڵام لە ئێستادا ئەم شێوازە گۆڕاوە و لە ڕووی شیعر و ئامێر و شێوازەوە هەست بە تام و چێژی بەندی جاران ناکەیت. لە کۆی قسەکانی ئەو بەڕێزانەی سەرەوە دەرکەوتووە بۆمان، چونکە ئەم ئامێرە زۆر پێشکەوتووە لە ڕووی تەکنەلۆجییەوە، بەکارهێنانی تا دێت ئاسنتر دەبێت. وای لێهاتووە ئەگەر ژەنیار زۆر کارامەش نەبێت لە ژەنیندا، زۆر بە ئاسانی دەتوانێت ئەم جۆرە موزیکە بژەنێت. جا بە سامپلینگ بێت یاخوود بە سیکوێنسی پێشوەختە بێت. هەر بۆیە نیهاد سابر پێی وایە ئەم ئامێرە موزیکییە لەم لایەنەوە لە ڕووی بەکارهێنانییەوە زەرەرمەند بووە بۆ کاری بەندبێژی و فولکلۆری کوردی تێکداوە (سابر، 2021). لە لایەکی دیکەوە ژەنیار کاوە شێخ دەڵێت: "بەندبێژی لە سەرەتادا هونەرێکی میللی بووە کە بە ئامێرە فولکلۆرییەکان ئەنجام دەدرا وەکو باڵەبان، زەرب و چەند ئامێرێکی دیکە و بە شیعری جوان دەگوترایەوە، بە سەر جوانی کەسەکە یاخوود هەڵدان بەسەر کەسەکە" (شێخ، 2021). واتە بە بۆچونی زۆربەی ئەم بەڕێزانەی سەرەوە، سینتیسایزەر لێرەدا ڕۆڵێکی زۆر خراپی بینوە، فۆرمی بەندبێژی تێکداوە چ لە ڕووی ئامێرەوە چ لە ڕووی شیعرەوە، بەگشتی پێیان وایە کە لەم شێوازەدا سینتیسایزەر بە زۆری ڕۆڵی ڕیتم و تەرجوومەی دەنگەکە دەبینێت. واتە بەگشتی ئەم ئامێرە لە بەندبێژی ڕۆڵێکی باشی نەبینیوە، بەڵام ئەوەش ژەنیاری ئەم ئامێرەیە نەك ئامێرەکە، چونکە دەکەوێتە سەر بەکارهێنەری ئامێرەکە.

## 3- 4 بەکارهێنانی سینتیسایزەر لە لایف موزیکدا

هونەری لایف موزیك ئێستا لە جیهاندا هونەرێکی باوە و بەتایبەتی لەم سەردەمەی ئێستاماندا. لایف موزیك یەکێکە لە باوترین شێوازی موزیك، کە لە هەندێك کافتریا و ڕێستۆرانتەکان و زۆر شوێنی تر گرنگییەکی بەرچاوی پێدراوە. ئەمەشیان زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ لایەنێکی بازرگانی بۆ ئەوەی خەڵك سەردانی ئەو شوێنانە بکات کە لایف موزیکی تێدا ئەنجامدەدرێت. واتە لە پێناو سەرنج ڕاکێشانی و هێنانی خەڵکانێکی زیاتر بۆ شوێنەکانیان و دەستکەوتنی داهاتی زیاتر، ئەم دیاردەیە وردە وردە ئێستا

لە هۆتێل و مۆڵ و کافێ و ڕێستۆرانتەکاندا بووەتە نەریتێکی باوی ڕۆژانە. لە گەلێك لەم شوێنانە ئەم شێوازە موزیکە ئەنجام دەدرێت، خەڵکی زۆر بەمەبەستی بیستنی ئەم کارە هونەرییانە سەردانی ئەم شوێنانە دەکەن، بەمەش سوودێکی ماددی باش بە خاوەنی ئەم شوێنانە دەگەیەنێت، لە لایەکی دیکەوە سوود بە گۆرانیبێژ و موزیکژەنەکان دەگەیەنێت (فوئاد، 2021). ژەنیاری سینتیسایزەر هۆگر سەعید دەڵێت: "لەم شێوازە موزیکەدا ئامێری سینتیسایزەر ڕۆڵێکی بەرچاو و تایبەتی هەیە، بە ئامێرێکی گرنگ هەژمار دەکرێت" (سەعید، 2021). بێگومان هۆکاری زۆر بەکارهێنانی ئەم ئامێرە موزیکییە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی توانایەکی فراوانی هەیە. واتە توانای بەکارهێنانی دەنگی زۆربەی ئامێرە موزیکییەکانی هەیە. دەتواندرێت وەك جێگیرەوەی ئامێرەکانی دیکە بەکار بهێندرێت لە لایەن تەنها ژەنیارێکەوە. ئەویشیان دەکەوێتە سەر زیرەکی و چۆنییەتی بەکارهێنانی ئەم ئامێرە لە لایەن ژەنیارەکەوە. لە هەمان کاتدا ئامێرێکی سووك و سۆڵ و ئاسانە بۆ گواستنەوە و هاتووچۆکردن، بەتایبەت بە مەبەستی ئەنجامدانی کاری موزیکی ڕۆژانە (قادر، 2021). ژەنیاری سنتیسایزەر کاوە شێخ دەڵێ، "بە بۆچوونی من کاری لایڤ موزیك کارێکی باش و گونجاو نییە، دەکرێت دابنرێت بە ئیهانەکردنی موزیك جا بە هەر ئامێرێکی موزیکی بێت" (شێخ، 2021). چونکە ئەم جۆرە کارە تەنها بۆ مەبەستی پارە پەیدا کردنە، یاخود سوکایەتی کردنە بە هونەرەکە لەبەر چەند هۆکارێك، لە سەرووی هەموویانەوە ئەوەیە، ئەو کەسەی کە دێتە ڕێستۆرانێکەوە بۆ نان خواردن دێت نەك بۆ گوێگرتن لە گۆرانی موزیك. بە بۆچونی ئەو بەرێزانەی سەرەوە کە پێیان وایە ئەم ئامێرە ڕۆڵێکی تایبەتی هەیە لەم بۆنەیەدا، کارئاسانی زۆر دەکات بۆ ژەنیاری ئامێرەکە، ئەوەش وا دەکات زۆر بەئاسانی کارەکە ڕاپەڕێنێت و وەکو جێگرەوەی چەندین ئامێریش ڕۆڵ ببینی تا ڕاددەیەکی باش. هەرچەندە کاوە شێخ پێی باش نییە کە هێچ ئامێرێك لە لایڤ موزیکدا بەکاربهێندرێت و بەکارێکی باش ناوی نابات. واتە بەهەمان شێوە لێرەشدا سینتیسایزەر کارئاسانی بۆ زۆرێك لە خاوەن کارەکانیش کردووە، لەبری ئەوەی چەند ژەنیارێك بهێنن و پارەی پێ بدەن تەنها سینتیسایزەرێك دەهێنن و پارەشیان بۆ دەگەڕێتەوە، بەم شێوەیەش دەتوانین بڵێن زیان بە هونەر دەگەیەنێ، چونکە کاتێك لەو لایڤ موزیکییانە دادەنیشی هیچ کات هەست بەئارامی یا چێژی موزیك ناکەیت، هەر ئەوەندەی گوێت لە چەندین تۆن و ڕیتم و دەنگی بەرز دەبێت. بەگشتی توێژەر ڕای وایە کە ئەم ئامێرە موزیکییە ئەلیکترۆنییە بۆ هەموو کۆنتێکستە موزیکییەکان گونجاوە بەکاربهێندرێت و سوودێکی باشی لێ وەرگیراوە تاڕادەیەك بۆ

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

گۆرانی و موزیکی کوردی، بەتایبەتیش لایەنی مادی. بەڵام لە لایەکی دیکەوە زەرەرمەند بووە، بەهۆی ئەوەی پێگەی ئامـێرە ڕاستەقینییەکانی لاواز کردووە و هەندێك کاتیش لە لایەن کەسانی نەشارەزاوە بەکارهاتووە. واتە لایەنی باشی و خراپی ئەم ئامێرە موزیکییە دەکەوێتە سەر بەکاهێنەرەکەی کە ئایە بە چی شێوازێك بەکاریدەهێنت. چونکە ئەمە تەنها ئامێرێکە، ژەنیارەکە لایەنە باش و خراپی ئەم ئامێرە دەستنیشان دەکات.

توێژەر بەباش زانی کە نموونەی گۆرانییەك وەربگرێت و شیبکاتەوە تەنها بە ئامێری سینتیسایزەر ئەنجامدرابێت، گفتوگۆی لەگەڵ گۆرانیبێژەکە کردبێت، هەروەها چەند زانیارییەکی وەرگرتبێت لە خودی ژەنیارەکە دەربارەی ئەم کارە.

## گۆرانی "باوانەکەی بابم"

وتنی: هێمن حوسێن




- ئەم گۆرانییە لەسەر پەیژەی (بەیات)ی دەنگی سۆڵ گوتراوەتەوە لە لایەن (هێمن حوسین)وە.

**گۆڤاری قەڵای زانست**

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)





- ئەم گۆرانییە تەنها بە ئامێری سینتیسایزەر لە ستۆدیۆ تۆمارکراوە لە لایەن ژەنیار هێمن حوسێن و هیچ ئامێرێکی ڕاستەقینە (زیندوو)ی تێدا بەکارنەهاتووە.
- ڕیتمی ئەم گۆرانییە پێکهاتووە لە، 6/8 لەسەرەتاوە تاوەکو کۆتایی هەمان ڕیتمە و هیچ گۆڕانکارییەکی تێدا نەکراوە لەڕووی ڕیتمەوە.



- سەرەتا بەپێشەکییەکی ئامێری دەست پێدەکات، کە دەنگێکی نزیك لە ئامێری ڤایۆلین و سەنتور و سێتار بەکارهاتووە و  دواتر گۆرانییەکە دەست پێدەکات.
- ئەم گۆرانیە بەهۆی ئەوەی تێکەڵکراوە لەگەڵ گۆرانییەکی دیکە، تەنها لە یەك کۆپلە پێکهاتووە، بە کۆتاییەکی ئامێری تەواو دەبێت دەنگی سەنتور و سترینگە.
- لە پێشەکی موزیکەکە نزمترین دەنگی (سی b) ئۆکتاڤی سێیەمە، بەرزترین دەنگی (می b) ئۆکتاڤی پێنجەمە.



- لەکاتی گوتنەوەی گۆرانییەکە، نزمترین دەنگی پێکهاتووە لە دەنگی (فا)ی ئۆکتاڤی چوارەم، بەرزترین دەنگی پێکهاتووە لە (فا)ی ئۆکتاڤی پێنجەم.



- مۆتیڤی سەرەکی ئەم گۆرانیە لە باری (30- 33)یە.




**گۆڤاری قەڵای زانست**
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

- ئەو دەنگانەی کە بەکارهاتوون لە نێو گۆرانییەکە لە دەنگی (فا)ی ئۆکتاڤی چوارەمەوە تا (فا)ی ئۆکتاڤی پێنجەمە، واتا ئەم دەنگانەی تێدایە (فا، سۆڵ، لا، سی، دۆ، ڕێ، می، فا).



- ئەو میانانەی بەکارهاتوونە لە نێو گۆرانییەکە پێکهاتوونە لە میانەی (یەکی، دوو، پێجی).



- شێوەی ڕیتمی گۆرانییەکە بەم شێوەیەیە،



## گۆرانی

### "هەر تۆم دەوێ تۆ"

وتنی : هێمن حوسین

باوانەکەی بابم بینایی چاوم　　باوانەکەی بابم بینایی چاوم
لەدووری باڵات گیانە ڕەش بوو هەناوم دەی دەی　　ڕەش بوو هەناوم گیانە ڕەش بوو هەناوم دەی
دەی
دەبا دەس بەزێڕ بێ سەوزە لە باژێڕبێ　　لە شاری هەولێر بێ هەر تۆم دەوێ تۆ دەی دەی
دەبا دەس بەزێڕ بێ سەوزە لە باژێڕبێ　　لە شاری هەولێر بێ هەر تۆم دەوێ تۆ

## 4 دەرئەنجام

هەموو توێژینەوەیەکی زانستی بەدوای چەندین پرسیاردا دەگەڕێت، دواتر ئەنجامێك بەدەستەوە دەدات. بەپێی ئەوانەی کە گفتوگۆمان لەگەڵیان کردوون، وەکو ئەوەی ڕوونیش کراوەتەوە، دەرکەوتووە، کە سەرەتای سەرهەڵدانی ئامێری سینتیسایزەر بۆ ئەو تیپە موزیکییانە دەگەڕێتەوە کە

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە حەفتاکان لە شارەکانی کوردستان ناسراو بوون. وەکو مامۆستایان ئاماژەیان پێی کردووە، تیپە موزیکییەکان یەکەم کەس بوون کە ئەو ئامێرەیان بەکارهێناوە. لە سەرەتادا ئەم ئامێرە زۆر بە سادەیی لە نێو موزیك و گۆرانی کوردیدا بەکارهاتووە. لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنەلۆجیبا و بەکارهێنانی سۆفتوێری تازە، ئامێری سینتیسایزەر گۆڕانکاری بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە. تا وای لێهات سینتیسایزەر وەك جێگرەوەیەك بۆ ئامێرە موزیکییەکان لە کۆنتێکست و ستایلی جیاوازی موزیکییدا بەکارهاتووە. ئەو گفتوگۆیانەی لەسەر ئامێری سینتیسایزەر لە نێوەندی هونەری و زانستی لە هەرێمی کوردستان هەیە، بە گشتی لە دوو تەوەردا دەبیندرێن: یەکەم، تەوەری شێواندنی موزیکی کوردی بە هۆی بەکارهێنای ئامێری سینتیسایزەر؛ دووەم، تەوەری خۆگونجاندن لەگەڵ ڕەوتی تەکنەلۆجیبا و جیهانی مۆدێرن. بەپێی ئەو داتای بۆ ئەم توێژینەوەیە کۆکراوەتەوە، شارەزایانی هونەری موزیک نەگەیشتوونەتە ڕایەکی یەکگرتوو لەسەر ئەوەی کە ئایا ئامێری سینتیسایزەر موزیکی کوردی شێواندووە یان جوانکاری لە موزیکەکەدا کردووە. بەڵام هەموویان لەو باوەڕەن کە ناکرێت ڕەوتی مودێرن و شۆڕشی تەکنەلۆجیبا لە دونیای ئەمڕۆی موزیکدا فەرامۆش بکرێن. ئامێری سینتیسایزەر، واقیعێکە بەبێ ویستی ئێمەی کورد دروست بووە. هەروەها ئەو ئامێرە لە ماوەی چل ساڵی ڕابردوودا بەرە بەرە لە ناو موزیکی کوردییدا تەشەنەی کردووە. ئێستاش لە زۆربەی کۆنتێکستەکاندا بەکار دەهێندرێت. ئەوەی جێگیر و نەگۆڕە لە پێگەی ئامێری سینتیسازەر، ئەوەیە کە بەردەوام و بە شێوەیکی فراوان و بەرچاو لە موزیکی کوردییدا، بە تایبەتی لە هەرێمی کوردستان، بەکار دەهێندرێت.  بەڵام ئێوەی جێگای گفتوگۆ و سەرنجی زانستییە، ڕۆڵی ئەو ئامێرە بەردەوام لە گۆڕانکارییدایە لە موزیکی کوردی. ئەم تۆێژینەوەیە دووپاتکردنەوەی ئەو گۆڕانکارییانەیە لە موزیکی کوردی، لە کۆنتێکستە موزیکییە جیاوازەکاندا، کە ڕۆڵ و پێگەی ئامێری سینتیسازەر دەردەخەن. بێگومان، لە داهاتووشدا ڕەوتی گۆڕانکاری لە چۆنیەتی بەکارهێنان و ڕۆڵی تەکنەلۆژیا نابێت پشتگوێ بخرێت.

## 5 ڕاسپاردە

بە مەبەستی بایەخدان بەو لایەنانەی کە لە بواری سینتیسایزەردا لەم توێژینەوەیەدا نەتوانراوە کاری لە سەر بکرێت. توێژەر بە پێویستی زانی چەند ڕاسپاردە و بیرۆکەیەك بۆ کارکردنی تۆێژەرانی ئایندە بخاتە ڕوو.

یەکەم: ئەم توێژینەوەیە ڕۆڵی ئامێری سینتیسایزەر لە موزیکی کوردیدا نیشان داوە، بەکارهێنانی لە بۆنە و ئاهەنگەکان و ستۆدیۆیەکان و لایڤ موزیکی شەوانەو و دانیشتە موزیکییەکان. بۆ ئەوەی بتوانین زانیاری زیاترمان دەست بەکەوێت دەربارەی سینتیسایزەر، توێژەر ڕاسپاردە دەکات توێژەرانی داهاتوو بیر لە چەند لایەنێکی دیکەی بکەنەوە و کاری زیاتری لە سەر بکەنەوە.

دووەم: دەکرێت لە داهاتوودا توێژەران کار لە سەر کاریگەری ژەنیارانی سینتیسایزەری عەرب و تورك لە سەر  ژەنیارانی سینتیسایزەری کورد بکرێت کە ئایا تا چەند کاریگەرییان لە سەرە ژەنیارانی کورد هەیە چ لە ڕووی تەکنیك و ئەدا بەکارهێنانی هەیە.

سێیەم: توێژەر ڕاسپاردە دەکات لە داهاتوودا توێژەران کار لە سەر جیاوازی لە نێوان چۆنییەتی بەکارهێنانی سینتیسایزەر لە هەریمی کوردستان چونییەتی بەکارهێنانی سینتیسایزەر لە ولاتانی نزیك لە کوردستان.

## سەرچاوەکان:

چاوپێکەوتنەکان
ئەحمەد، وریا. 2021 -1 -9، هەولێر، کوردستان، عێڕاق.
حوسێن، هێمن. 2021 -2 -12، سلێمانی، کوردستان، عێڕاق.
ڕەفعەت، ئاراز. 2021-1 -12، کەرکوك، کوردستان، عێڕاق.
ڕەئوف، سەلاح. 2021-1 -25، ئەڵمانیا.
سەعید، هۆگر. 2021-1 -4، هەولێر، کوردستان، عێڕاق.
غازی، ئامانج. 2021 -3 -9، هەولێر، کوردستان، عێڕاق.
شێخ، کاوە. 2021 -3 -12، بەریتانیا.
عوبێد، وشیار.2021، 1 -12، کەرکوك، عێڕاق.
عەزیز، هۆگر.2021 -2 -16،هەولێر، کوردستان، عێڕاق.
فوئاد، سەرمەند.2021 -2 -16، هەولێر، کوردستان، عێڕاق.
عەبدوللا، ئاری. 2021 -26 -3، دهۆك، کوردستان، عێڕاق.
قادر، سامان. 2021 -2 -3، هەولێر، کوردستان، عێڕاق.
قەرەداغی، ئەنور. 2021 -2 -15، سلێمانی، کوردستان، عێڕاق.

گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

نورەدین، ئەحمەد. 2021، 2 -3، هەولێر، کوردستان، عێراق.

# Musical Change in The Era of Technology: Synthesiser in Kurdish Music

**Goran taha abdulqadier**
Department of Music, College of Fine Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Tahagoran123456@gmail.com

**Dr. Nahro zagros**
The presedancy of Soran University, Soran, Kurdistan Region, Iraq
Nahro.zagros@oran.edu.iq

**Keywords:** *Synthesizer, Kurdistan region, Kurdish song, technology, song and music*.

## Abstract

This paper is a field research based on the quantitative and qualitative methodology to discusses the role of synthesizer instrument in Kurdish music, in the Kurdistan Region between 1990 and 2021. For this purpose, several interviews have been conducted with music experts and synthesizer performers. Thus, this research has been analysed from their point of view. Some important questions have been raised to accurately pinpoint the role of Synthesizer in today's Kurdish musical scenes. The affect of synthesizer instrument has been looked at in the contexts of different music performances, such as musical bands, studio recordings, wedding gatherings, live music and bend performance. This reproach is the first of its kind to look at the role of synthesizer in Kurdish music.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# التغير الموسيقي في عصر تكنولوجيا:
# سينتيسايزر في الموسيقى الكردية


## ملخص

بحث ميداني علمي، يستند على مبدأ الكمية والنوعية ويركز على دور آلة ال سينتيسايزر في الموسيقى الكردية في إقليم كردستان بين الفترة المتراوحة من 1990 الى 2021. لهذا الغرض، أُجريت عدة مقابلات مع خبراء موسيقيين، وتم تحليل البحث من وجهة نظرهم. وقد أُخذت في الاعتبار بعض الأسئلة المهمة في هذا البحث، مثل الحديث الأولي عن ظهور آلة السينتيسايزر ودوره في الأغاني والموسيقى الكردية. كما سُلط الضوء على الجوانب السلبية والايجابية التي تؤثر بها آلة ال سينتيسايزر على الأغاني والموسيقى الكردية. بشكل عام تم تحليل القوالب الموسيقية التي تُستخدم فيها آلة ال سينتيسايزر ولها دور مهم فيها مثل، (الستوديوهات الموسيقية، الفرق الموسيقية، العروض الموسيقية المباشرة، حفلات الزواج، جلسات موسيقية الشعبية). كما إن نتائج هذه الدراسة هي بداية مهمة لفهم ظهور الأجهزة الإلكترونية ودور التكنولوجيا في الموسيقى الكردية في إقليم كردستان.